# لایەنی دەروونی هەندێک لە شێوازەکانی گوتنی مەقام

**حەسەن گەرمیانی**
**(نەرویج)**

### چۆن ئەم بیرۆکەیەم بۆ هات

سەدەی ڕابوردوو، ١٩٩٢- ١٩٩٣ لە هەولێر لە گەڕەکی (عەردی مەلایان) بە تەنیا لە سەربانی خانووە دوو نهۆمییەکە ڕاکشابووم، زۆرم حەز بە تریفەی مانگەشەوەکە بوو، چونکە تریفەی مانگەشەو تووشی جۆرێک لە ڕامانم دەکات، بە ڕێکەوت ئەو شەوە تاریک بوو، تەنیا تریفەی زیوینی مانگەشەوەکە کەمێک ڕووناکی دەبەخشی، مانگە شەوەکەم وەلانا، بیرم بۆ لای ئەستێرەکانی ڕێی کاکێشان فڕی، هەرچەندە تریفەی مانگەشەوەکە کاریگەری بۆ سەر کاڵبوونەوەی پرشنگی ئەستێرەکان هەبوو، بەڵام زۆر گرنگیم بەم لایەنە نەدەدا، بە کاڵی، یان بەتۆخی ببینم!! کە دەمزانی کۆمەڵەی خۆر سەر بەم گەلەکییەیە، لەبەر خۆمەوە دەمگوت ئاخۆ دەبێ چەند هەزار گەلەکی تر هەبن کە هێشتا زانست پەی پێ نەبردووە، مەگەر هەر خودا بۆ خۆی بزانێت چی دروست کردووە.. لە ڕامان زیاترم، هیچ ئەنجامێکم دەست نەکەوت...

### لایەنی دەروونی بڕێک لە شێوازەکان

پێشەکی بابزانین شێواز چی دەگەیەنێت؟ لە جێگای مەقام و دەسگا و سکێڵ بە زمانی پاراوی کوردی (شێواز) گونجاوترە.

لە دوو وشەی لکاو پێکهاتووە (شێوە+ ئاواز) زۆربەی دوو وشە لکاوەکان پیتێکی دەڕوات و ناخوێنرێتەوە وەک:

شێوە+ ئاواز = شێواز

ماست+ ئاو = ماستاو

بەند+ ئاو = بەنداو تاد...

شێواز، واتە شێوەیەکە لە میلۆدی، شێوەیەک لە ئاواز.

### پێناسەی شێواز

شێوەیەکە لە میلۆدی خاو بە تیمپۆیەکی شاراوە، یان نیمچە شاراوە، دەنگبێژان دەتوانن بەبێ مۆسیقا، یان لەگەڵ مۆسیقادا بیچڕن، ئەگەر تیمپۆی نیمچە ئاشکراشی تێدا بێت، بۆ ئەو کەسانە دەشێت بە گوێی ڕاهاتووی خۆیان هەوڵیان داوە بە کردار خۆیان لەگەڵ مۆسیقا ڕاهێنابێت.

## پێکهاتەی شێواز
## جەستەی شێواز

١- لە ناوی شێوازەکە پێکهاتووە، ڕۆژئاوایی بێت، یان ڕۆژهەڵاتی.

٢- هەر شێوازە و پەیژەی تایبەتی خۆی هەیە، هەیە پەیژەی گەورە دەخوازێت، وەک (مێجەر) = ماهور، عەجەم، خەڵوەتی = یارگەنشین.. (لالۆ ڕەنجدەر). هەیشە پەیژەی بچووک دەخوازێت، وەک (ماینەر) = نەهاوەند = ئەسفەهانی!..

٣- شێوازی وا هەیە چەند تیترا کۆردێکی بەردەکەوێت، هی وایش هەیە دوو تیترا کۆرد، یان تیترا کۆرد و نیوێک، ئەمە تایبەتە بە شێوازەکانی ڕۆژهەڵات، هەر تیترا کۆردێک (چوار تۆنە) = (چوار دەنگە).

دۆ، ڕێ، می، فا. ئەگەر ئۆکتانەکە تەواو کات، صۆڵ، لا، سی، دۆ.. ئەگەر تیترا کۆرد و نیوێک بێت.. دۆ، ڕێ، می، فا، صۆڵ، لا.. بە گوێرەی ئەو چینە دەنگەکەی بۆی دانراوە و لە کام تۆنەوە دەست پێ دەکات...

گیانی شێواز = ڕوحی شێواز

١ — وێرد ٢ — وتن ٣ — شیعر

٤ — فۆرم ٥- پەیدابوونی لەگەڵ مێژووەکەی بزانرێت چاکترە.. نەشزانرێت کێشە نییە؟ وێردەکان: بۆ پڕکردنەوەی بارە شاراوەکانی ناو شێوازەکەیە، چونکە شێواز تیمپۆیەکی شاراوە و نیمچە شاراوەی هەیە، تیمپۆی شێوازەکان بەپێی هەڵچوون و وروژانی دەروونی و نەفەس درێژیی دەنگبێژ، گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

## تایبەتمەندیی شێواز

بە شیعری شاعیرانی کلاسیک و کلاسیکی نوێ دەوترێت، یان هەندێک جار دەنگبێژ خۆی شیعری بۆ دادەنێت، یان دەماودەم (سینەو سینە)، وەک شێوازی حەیران و لاوک وەری گرتبێ، یان لەسەر شێوازی بەیات دەوترێت، یان لەسەر شێوازی نیوەشەوی، بە گێڕانەوەی ڕووداوی جەنگ بێت، بە هەردوو لایەنەوە، یان سەرکەوتنی بە دەست هێناوە، یان سەرکەوتوو نەبووە، هەروەها گێڕانەوەی چیرۆکی دڵداری، یان دڵخوازەکان دەگەنە یەک، یان شێوەی تراژیدی وەردەگرێت.

بەڵام بیرمان نەچێت، شێواز بێ وێرد نابێت؟ وەک: ئەمان، ئۆف، ئاخ، داد، هەی داد، وەی، ئازیز ...تاد. بە گوێرەی شێوەی شیعرەکە، کە چ وێردێک هەڵدەگرێت؟! ئەم وێردانەش تەنیا لەناو شێوازەکان و ستایشەکاندا خۆیان دەبیننەوە.

## وێرد چی دەگەیەنێت؟

وێرد وشەیەکە لە چوار پیت پێکهاتووە، لە گفتوگۆشدا بەکاردێت، شێوەی ئەرێنی، یان شێوەی نەرێنی وەردەگرێت.

وێردەکان یەجگار زۆرن، هەر نەتەوە و بە گوێرەی زمانی خۆی شوێنی بۆ دەکاتەوە، هەندێک وێردیش هەن، لەناو نەتەوە نزیکەکان، یان دراوسێکان ڕەنگ دەدەنەوە و بەکاری دێنن.

وەک باسمان کرد، وێردەکان تەنیا لەناو (شێوازەکان) ڕەنگ نادەنەوە، بەڵکوو لەناو (ستایشەکانیشدا) ڕۆڵی خۆیان دەبینن.

بۆ بیر خستنەوە، دووبارە بڕێک لە وێردەکان دەخەینە ڕوو، وەک: ئەرێ، دەی، دەیدەی، دیسان، ئازیز، ئەزیز، ئەمان، ئاخ، داخ ئاه، داد، بێ داد، هەی داد، چاوەکەم، دڵەکەم،ماڵەکەم، بابان وێران، ماڵ وێران، باوانم، باوانەکەم، حەیاتم، نەمایم لۆت، بێ دین، بێ مەیل، دڵ خوازەکەم، کەسەکەم، دولبەرم، دڵ بەندەکەم، بێ نازەکەم، ...تاد.

شێوازی مێجەر/ = ماهور، خەڵوەتی یارگەنشین — برا یارسانەکان وای پێ دەڵێن {سوودم لە

لالۆ ڕەنجدەر وەرگرتووە.}

شوێن و کات و لایەنی دەروونی ئەم شێوازە چییە؟

شوێن و کاتی وتنی ئەم شێوازە لە چێشتەنگاوەوە نزیکە. شێوازێکی سەربەخۆیە، بە پەیژەی گەورە دەناسرێت..

شێوازی (کورد+ نەهاوەند) لەژێر باڵی ئەم شێوازەی سەرەوەیە.. (سوودم لە م. ئەنوەر تاهیر وەرگرتووە).

لە زەمانی گاتاکانەوە، ئایین دوای ئایین ڕۆڵی خۆی بینیوە، تا دەگاتە ئایینی ئیسلام، لە ڕۆژانی جەژندا، تا نزیک (چێشتەنگاو) شێوەی قورئان خوێندن و وتنەوەی کۆی نوێژکەران بە وتنی (الله اکبر، الله اکبر تا دەگاتە ولله الحمد) بە شێوازی مێجەر نوێژی بەیانیان دەکرا و دەکرێت.. ئەگەر وەک شێوازی مێجەر نەوترایەتەوە، دەچووە سەر شێوازی (چوارگا) و سۆزی زیاتر دەبوو، چونکە چارەکە تۆنێکیان، (دەنگێکیان) بەینە.

بارگەنشینەکان، پاش چل ڕۆژ لە بارگە نشینییان بە شێوازی (مێجەر) نزیک چێشتەنگاو خۆیان نیشانی کۆمەڵگەکە دەدا و خەڵکەکەش لەگەڵیاندا هەمان شێوازیان دەگوتەوە، وەک ڕێزگرتن و هێمای سەرکەوتن و زاڵ بوون بەسەر نەفسی خۆیاندا، وەک ئەفسەرێکی سەرکەوتوو لە جەنگدا.

## شێوازی مێجەر

لای زۆربەی ژەنیار و شێوازناسەکان ڕوونە، ئەو سرروودەی لەسەر ئەم شێوازە دروست کرابێت و ڕیتمی (مارش)ی بۆ دانرابێت، جەنگاوەران زیاتر هان دەدات بەرەو قووڵایی جەنگەکە بڕۆن، کەوابێت ئەم شێوازە لایەنە دەروونییەکەی (دوو فاقەیە)، لە لایەکەوە ڕۆڵی (ڕوحانییەت)، لاکەی دیکەشی ڕۆڵی (کوشتار) دەبینێ، زانینی لە مۆسیقا و شێوازەکە ئاگاداری دەوێت، سەرسام دەبێت کام لایەنی بگرێت چاکترە، لایەنی (ئاسوودەیی)، یان لایەنی ماڵوێرانی و وێرانکاری، یان هەردوولا بە گوێرەی پێویست؟!

سێ شێوە مێجەرمان هەیە: ١ – هارمۆنی ٢- میلۆدی ٣- نۆرماڵ = ئاسایی.

ئەم شێوازە لە وتندا زۆر وریایی دەوێت، کاتێک ڕادیۆ و گرامەفۆن و ڕیکۆرد و tv داهات، ئیتر گوێیان بە شوێن و کات و لایەنی دەروونی ئەم شێوازە نەدەدا.

مانیەر = نەهاوەند، ئەسفەهانی

ئەم شێوازە بە پەیژەی بچووک دادەنرێت، بۆیە پێی دەڵێن ماینەر.

لە زۆربەی کاتەکاندا دەوترێت، بە تایبەتی پاش نیوەڕۆ بە دواوە، تا کاتژمێر دوازدەی شەو بەر دەکات.

شێوازێکی بەسۆزە وەک (گریشمە و ناز)ی لێ دێت، زیاتر شێوازێکی عاشقانەیە و هێمن خۆی نیشان دەدات، دەشتوانێت گۆتیاری بە سەلیقە، لە بەرزبوونەوە و دابەزین لە نێوان شێوازەکانی دیکەدا هاتوچۆی تێدا بکات و بگەڕێتەوە سەر هەمان شێوازی خۆی، ئەو کەسەش وا چاکترە شێوازناس و شێوززانی لێهاتوو بێت.

شێوازێکی پڕ سۆز و خۆشەویستی و بێ فرۆفێڵە، نیمچە هیوایەکت پێ دەبەخشێت، وەک بڵێی ئەوەی مەبەستە لە خۆشەویستی و هەوڵدان لە خودی خۆتدا، یان بۆ مەعشووقەکەی خۆت لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا، یان بۆ نیشتمان و کەسوکار.

بۆ بیرخستەوە سێ جۆرە ماینەر هەیە

١ – نەهاوەندی هارمۆنی ٢ – نەهاوەندی میلۆدی ٣ – نەهاوەندی نۆرماڵ = ئاسایی.

نەهاوەند لقێکی لێ پەیدا دەبێت پێی دەڵێن (خەنەباد)، لە زۆربەی کاتەکاندا دەگوترێت

شێواززانی لێهاتووی دەوێت بەڕێکوپێکی بیچڕێت و بەستەی تایبەتی بۆ دابنێت، زیاتر لە شەواندا دەوترێت، کە کۆمەڵێک دەنگبێژ کۆدەبنەوە، هەریەکەیان ئەسپی خۆیان تاودەدەن، کامیان لە هەموویان چاکتر بیچڕێت بەناوی ئەوەوە، یان ناوچەکەیەوە دەستنیشان دەکرێت.

دەنگبێژ ئاگادار نەبێت لە بەرزبوونەوە و دابەزیندا تەسلیمەکەی دەچێتەوە سەر نەهاوەندەکە، ئەم شێوازە زۆر عاشقانەیە. وەک بڵێی گلی شێوە ناز بەسەریەکدا دەکەن، سۆزی لە دایکی، کە نەهاوەندە زیاترە، جۆرێک یاخیبوونی تێدا دەبینیت، هەرچەند نائومێدی لێ بەدی دەکەیت، لە هەمان کاتدا ئومێد بەخشیشە.

## شێوازی کورد

دەکەوێتە ژێر باڵی (مێجەرەوە) = ماهور+ عەجەم+ بارگەنشین.

کە گوێ بۆ ئەم شێوازە، یان بۆ بەستەکەی ڕادەدێریت، ناچار دەبیت گوێی بۆ شل بکەیت، بێ دەنگت دەکات، تا لێ دەبێتەوە، تایبەتمەندییەکەی لەوەدایە بە شیعری جوان و پڕ واتا دەچڕێت، هەست دەکەیت ڕووداوێکی لە پشتەوەیە و خاوەن مەبەستە، یان لە دەستت داوە، یان بە دەستی دەهێنیت.

بۆ ڕوونکردنەوە، ئەم شێوازە لە ڕۆژهەڵاتەوە پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژئاوا، ئەورووپای ڕۆژئاوا لە سەدەی دە مۆسیقا و کۆڕاڵی کەنیسەیی تەنیا کۆرسی پیاوان دەیانگوتەوە، پێیان دەگوت (گرێ گوریانی) وەک شێوازی کورد.

(Frigish) ئەگەر سەرنجی بدەیتێ، ئەمیش بە هەمان دەستوور، ڕووداوێکی لە پشتە وەک لە خاچدانی حەزرەتی (مەسیح)ی پەیامبەر و زیندوو بوونەوەی، ئەم شێوازە زیاتر لە می بۆ می دەست پێ دەکات.

لە شێوازی کورد، لقێکی لێ دروست دەبێت پێی دەڵێن (ئەسەر کورد){سوودم لە م. وریا ئەحمەد وەرگرتووە}، واتا کاریگەری شێوازی کوردی بەسەرەوە هەیە، یان نەوەی شێوازی کوردە.

ناوچەی ئازەربایجان سەد لە سەد مافی خۆیان داوەتێ، هیچ شوێنێک وەک ئەوان توانایی چڕینیان نییە، وەک ئەوان وردەکاری تێدا بکەن!!.

کەم تا زۆر ئێمەیش تا ڕادەیەک بەکاری دێنین، چونکە لە هەمان خێزانە، کە سەرنجی دەدەیت هەمان لە یەکدانەوەی شێوازی کوردە، چونکە وا هەست دەکەیت ئەمیش ڕووداوێکی لە پشتەوەیە، با بە زمانی کوردی خۆشمان نەبێت!! جۆرێکە لە {ڕامان} وا هەست دەکەیت مەبەستەکەت بەدەست هێناوە، یان لە دەستی دەدەیت، دوو لایەنە هەم ئومێدبەخشە، هەم بێ ئومێدیشە، بەڵام کەمتر.

شێوازی ڕاست = مەقامی ڕاست

لە ڕۆژهەڵاتی دوور و نزیکەوە تا دەگاتە ڕۆژهەڵاتی ناوین و خۆرئاوای ئەفریقیا، بە شێوازێکی سەرەکی دادەنرێت بەرانبەر بە شێوازی (مێجەر) = ماهوور + عەجەم + بارگەنشین + خەڵوەتی. جیاوازی نێوان (مێجەر/ ڕاست) ئەوەیە کە مێجەر چارەکە دەنگی (تۆن)ی بەرناکەوێت، بەڵام شێوازی (ڕاست) چارەکە دەنگی بەردەکەوێت، دوو جۆرە ڕاستمان هەیە، هەریەک پەیژەیە، هەیە چارەکە دەنگی بەردەکەوێت، هەیشە دوو چارەکە دەنگ.

ئەم بابەتەش ئازیزە ژەنیارەکانمان زیاتر دەتوانن ڕوونی بکەنەوە و وردەکاری لەسەر بدەن.

## شوێن و کاتی ئەم شێوازە

تەنیا لە دوازدەی شەو بە دواوە تا دەگاتە

دەی بەیانی ناتوانرێت بە ڕێکوپێکی بگوترێت، چونکە (ژێی دەنگی) دەنگبێژ لە پاش کاتژمێر دوازدە بە دواوە لە وتندا گرژ و بێ تام دەبێت و توانایی کەم دەبێتەوە، چونکە شێوازێکی (سەنگینە).

**لایەنی دەروونی ئەم شێوازە**

هەست بە دڵخۆشی دەکەیت تاڕادەیەک هیوابەخش و جووڵەبەخش و ڕووخۆش و بەچێژە، بۆ بیسەر شێوازێکی (مەجلیسییە). لە ژێر باڵی ئەم شێوازەدا دوو شێوازی لێ دەکەوێتەوە.
بەیاد = بەیان = شور+ سێگا — {سوودم لە م. ئەنوەر قەرەداغی وەرگرتووە}.

شێوازی بەیاد = مەقام بەیات

بە بۆچوونی کەسانێک کە لە بواری جیا جیای مێژووەوە قسەیان لەسەر کردووە، یان کەسانێک لەیەکدانەوەی تایبەت بە خۆیان لە بواری مێژووی مۆسیقای ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوین قسەیان لە سەر کردبێت.

ئەم شێوازی {بەیاد}ە پاش نەمانی ئیمپراتۆریەتی میدی و ساسانی و لەناوچوونی میزۆپۆتامیا، ئەم شێوازە هاتە ئاراوە و سەری هەڵدا.

بەڵگەش بۆ ئەم دروست بوونی {بەیاد}ە

(د. عەلی جەواد تاهیر)ە، دیارە دوکتۆرێکی پێشکەوتووخواز و خاوەن ویژدانە کە لە کتێبی {حضارة میزوبوتامیا، حضارة مابین النهرین ص٩٦٢ — ٩٦٣} دەڵێت كلمة {بەیات/ بیات} هی كلمة آریه قدیمة أصلها {بەیاد} تعني {ذكری} والتي نعني بها من منطقة جنوب كركوك حتی شمال بعقوبة.. بە واتای ئەوە دێت {مەقام بەیات} = {شێوازی بەیاد} لە بنەڕەتدا وشەیەکی ئاری نەژادی کۆنە، لە خوارووی کەرکووکەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە سەرووی {باقووبە} کە لە سەرەوە بە زمانی عەرەبی باس کراوە.

شێوازی بەیاد — مقام بەیات

بۆ ئەم شێوە شێوازە کە لەم ناوچەیە سەری هەڵداوە، ئەم شێوازە کاتێک سەری هەڵداوە کە تاڕادەیەکی زۆر ئایینی زەردەشتییەکانیان لەناو برد و ئاتەشگەکانیان کوژاندەوە، بەهۆی داگیرکردن و شەڕوشۆڕێکی خوێناوی لە ڕادە بەدەر لە نێوان هەردوولا بە سەدان کەس کوژران و بریندار و بێ سەر و شوێن کران، هێرشبەران سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

ئەمانیش بێ پشتیوان مانەوە و سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، ئەوانەی بێ دەسەڵات مانەوە کەوتنەبەر شاڵاوی دەستگیرکردن و یەخسیرکردن لە ژن و پیاو و کچ و کوڕ و منداڵ و مێردمنداڵ لەگەڵ تاڵان کردن و کاول کردنی ماڵ و موڵکیان، ئەوانەی توانایی مانەوەیان هەبوو هەر ڕۆژەی لە شوێنێک خۆیان حەشار دەدا، هەر میللەتێک، یان هەر کەسێک ئەم جۆرە کارەساتانەی بەسەردا بێت، دەبێ چ جۆرە دەربڕینێک دەربڕێت؟!

بێگومان دەبێ گۆرانی بە سۆز و خۆخواردنەوە بچڕێت، {قابیلە چەقەنە لێ بدات}، یان سەما بکات!! ناچار دەبن وەک وەفایەک بۆ لەناوچوونی ئایینەکەیان و کەسوکارە نزیکەکانیان گۆرانی خەمناک بچڕن، وەک یادکردنەوەیەک کە شکستیان هێناوە چۆن دەتوانن لە یادی بکەن.

کەچی سەردەم لە دوای سەردەم، هەرچەندە مێژوویەکی زۆر تاڵیش هەبێت، هەر شتێک سەر بە میللەتی کورد بووبێت، لە خاک و نیشتمان و موڵک و هونەر بە {حەلاڵی} خۆیانی دەزانن، تەنانەت ئەم شێوازە دڵتەزێنەشیان کردە موڵکی خۆیان.

ناوچەی بەیاد = {منطقە بەیات} ناوچەیەکی

کوردنشین بووە، ئەوەی دەستی بڕوات دەڵێت ناوچەی ئێمەیە، بۆ نموونە کەسانێک لە عەرەب و لە تورکمان ئەگەر ناوبانگیان دەرکردایە بەناوی ناوچەی بەیادەوە کە ئێستا بووە بە {بەیات}، خۆیان بە خەڵکی دەناساند وەک {فلان البیاتی} تورکمانیش کە دەست ڕۆیشتوو بوون، دەیانگوت (مەن بەیاتلیەم) ئەم پیتی (دالە) لە زەمانی عوسمانییەکانەوە داهاتووە، بەیادیان کردە (بەیات)، وەک ئەحمەد دەبێتە (ئەحمەت)، محەمەد دەبێتە (محمەت)، ئیتر زۆربەی پیتی (د) لای ئەوان دەبێتە (ت) بەم جۆرە گۆڕانکاری بەسەردا هات، ئەم بەیادە لقێکی لێ جیا دەبێتەوە پێی دەڵێن هیجرانی (م. عەلی مەردان).

## شێوازی بەیاد

شێوازی بەیاد زۆر سۆزدار و خەمناکە، تەنانەت بەستەکانیشی هەست دەکەیت خەمناکی پێوە دیارە.

لە گەرمیان پێی دەڵێن {ئای، ئای}

لە ناوچەی هەولێرەوە تا دەگاتە سابلاغ پێی دەڵێن {حەیران}، لە ناوچەی بادینان بەشێوەی لاوک، لە سلێمانیش (سەحەر). لە ڕۆژهەڵات بە شێوە زانستییەکەی پێی دەڵێن {شور} هەر ڕووداوێکی خەمناک لە شەڕوشۆڕ و دڵداری تراژیدی، یان گەیشتن بە یەک بە شێوەی ئای ئای و حەیران و لاوک و سەحەر، تەنانەت {لاواندنەی کەسێک کە دەمرێت، کە بە واتای سەردولکە دێت، یان هەندێک دایکان کۆرپەکەیان لەناو بێشکەکە ڕادەژەنن، بە دەنگی هێمن و لەسەرخۆ لای لایەیان بۆ دەگوت و هەندێک جاریش چاو بە فرمێسک کۆرپەکەیان دەخەواند، هەرچەندە ڕەنگە بۆ لایەنی دەروونی دایکە و کۆرپەکەش کارێکی باش نەبێت، ئەوەش زێتر دەروونناسان دەیزانن..

## شێوازی سێگا

لە زۆربەی کاتەکاندا دەتوانرێت بگوترێت، بە تایبەتی لە پاش نیوەڕۆوە تا دەگاتە کاتژمێر دوازدەی شەو، شێوازێکی سەنگینە، دەنگبێژی خاوەن توانستی دەوێت بۆ چڕین. ئەم شێوازە لە دەشتودەریشدا دەیچڕن، بە تایبەتی لە بەهاران، لە کاتی سەیراندا، شەوانیش چەند دەنگبێژێک بەرانبەر یەک دادەنیشن، هەریەکەیان بە تاموچێژی خۆی دەیچڕێت، پاشان کامیان لە هەموویان چاکتر و بە تامتر بیچڕێت، ئیتر ئەوانی تر پیرۆزبایی لێ دەکەن، دەتوانرێت بێ مۆسیقا، یان لەگەڵ مۆسیقادا بیچڕن.

ئەم شێوازە لقێکی لێ جیا دەبێتەوە پێی دەڵێن {هۆزام} لە دایکی کە سێگایە، سەنگینترە!! دەنگبێژی باشی دەوێت، لە بەرزبوونەوە و دابەزیندا دەبێت ئاگاداری ئەوە بێت لە تەسلیم بوونەوەکەی نەچێتەوە سەر سێگای دایکی، چونکە هۆزامیش (بەستەی تایبەت بە خۆی هەیە) ئەم شێوازی سێگایە (دەنگبێژەکانی فارس، چونکە بە گەروو و قورگ دەیچڕن، گەروویان پڕە لە چەهچەهە = ترێل = نەبرە، زۆر خۆشی دەچڕن).

## سێگا، لایەنی دەروونی ئەم شێوازە

شێوازێکی تا ڕادەیەک (مەجلیسییە) خەمناک نییە، سۆزێکی خەیاڵاوی سەیرت پێ دەبەخشێت، هەست بە تەنیایی ناکەیت، گوێگر لە ناوەوەی خۆی وا دەزانێت خۆی ئەم شێوازە دەچڕێت، بەڵام کەس گوێی لە دەنگی نییە، لە ناو دەروونی خۆیدا (پەنگ) دەخواتەوە.

لقی هۆزامیش: زیاتر سرووت (تەقسی) سۆفیانەی تێدا بەدی دەکەیت، دەنگبێژی خاوەن توانستی دەوێت، چینەکانی دەنگی لە دوو ئۆکتاف کەمتر نەبێت، بەبێ ماندووبوون

دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی لە بەرزبوونەوە و دابەزێندا بێتەوە سەر هەمان شوێن کە دەستی پێ کردووە.

موریدانی ڕێبازی (مەولانا) جەلالەددین ڕۆمی لە شاری قۆنیای سەر بە تورکیا بە شێواز و ستایشی ئایینیش دەیچڕن، بە تایبەتی لقی هۆزام کە سەر بە شێوازی سێگایە، زۆر چێژبەخش دەیچڕن.

شێوازی {سار با} = سەردەبا = مەقام صەبا

شێوازێکی کۆنی کوردە، (مەلای جزیری) دەستنیشانی کردووە و پێی گوتووە (سار+ با) دەبێتە ساربا = ساردەبا، هەژار موکریانی لەسەری نووسیوە، {بۆ ئەم نووسراوە سوودم لە لالۆ ڕەنجدەر وەرگرتووە}

کەواتە: مەقامی صەبای عارەبی لە (ساربای) کوردییەوە وەریان گرتووە و کردوویانە بە موڵکی خۆیان و بووە بە {صبا}.

شوێن و کاتی ئەم شێوازە کاتی کازیوەی بەیانە، لە زەمانی کۆنەوە ئایین دوای ئایین تا گەیشتووەتە سەر ئایینی ئیسلام، زۆرینەی بانگبێژان پێش بانگی (بەیانی) بە شیعری حەزرەتی (مەحوی) شێوازێکی ساربایان دەخوێند، پاشان وەک (تەمجید) دەبوو بە {سبحان اللە والحمدللە ولاالە الا اللە واللە اکبر... تاد}

تا چەند جارێک دووبارەیان دەکردەوە، ئەوجا بانگی بەیانی دەستی پێ دەکرد.

### شێوازی ساربا {سەردەبا}

لایەنی دەروونی ئەم شێوازە کە کاتێک دەمەوبەیانە (کازیوەیە) کە بە دەنگی دەنگبێژانی دەنگخۆش لە خەو ڕادەچەنیت و حەز ناکەیت جارێکی تر ڕاکشێیتەوە، لە هەر وەرزێکدا بێت کە لەژێر پێخەفەکەوە دەردەچیت و دێیتە دەرەوە، هەست بە بایەکی سارد و فێنک دەکەیت.

جووڵەت دێتەوە بەر، ماڵئاوایی لە تاریکی شەو دەکەیت، پێشوازی لە خۆرهەڵاتن دەکەیت، بەرەو کردار و بەرەو ژیان هەنگاو دەنێیت، هەست بە ئازادی دەکەیت، چونکە خۆرهەڵاتن هێمای ئازادی و ڕووناکی و کارکردنە، با ئەم شێوازە سۆزدار بێت، بەڵام هیوابەخشە، چونکە تاریکی بەجێ دێڵێت و بەرەو ڕووناکی هەنگاو دەنێیت.


**سەرچاوەکان بە کورتی:**

**١- مێژووی مۆسیقای عەرەب، (بە شێوەی مەلزمە).**

**٢- ستایشەکان (الموشحات) (مەلزمە).**

**٣- مێژووی مۆسیقای کورد (حەمەی حەمەباقی).**

**٤- باڵەبان، وریا ئەحمەد.**

**٥- ژیانی هونەرمەند سەی ئەسکەر (سید عەلی ئەسغەری کوردستانی).**

**٦- باسێکی کورت لەسەر مێژووی مۆسیقای کوردی (قادر ئەلیاسی).**

**٧- مامۆستایانی تیپی مۆسیقای سلێمانی، زۆربەیان.**

**٨- مامۆستایانی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە وەک مامۆستایان: سەردار ئەحمەد، ئەنوەر تاهیر، وریا ئەحمەد.**

**٩- مامۆستایانی تیپی مۆسیقای ڕەواندز مامۆستایان: ئامانج غازی و سەیید ئەحمەد ڕەواندزی.**

**١٠- مامۆستایانی تیپی مۆسیقای هەولێر، فوئاد ئەحمەد، شێرزاد سەرسپی، فەرهەنگ غەفوور.**

**١١- تەنبوور، ئازاد عەبدولواحید {وەری گێڕاوە و پەراوێزی بۆ نووسیوە}.**

**١٢- (دلێر حسێن)ی برازام.**

**١٣- بێلان حەسەن گەرمیانی و بێشە حەسەن گەرمیانی.**

**١٤- شێوازەکانی ناوچەی گەرمیان: شێخ عەبدولعەزیز، حاجی حەسەن ئایش، عەلی گەوهەر، سەید ساڵح، مامۆستا عەلی مەردان، سەلاح داودە، حوسێن عەلی... زۆرانی دیکەش،**

**بۆیە بە کورتی نووسیومەتەوە، چونکە لە چاوپێکەوتنەکاندا باسی زۆربەیانم کردووە، ئەگەر وشەیەکیش بێت، هەوڵم داوە پرسیار بکەم و زانا بم، واتە خوێندنەوەش نەبێ، پرسیار بکە و لێی بکۆڵەرەوە، شتێک هەر فێر دەبی.**

**١٥ – حضارة وادي الرافدين (حضارة ميزوبوتاميا)، الدكتور علي جواد الطاهر.**

**١٦ – هەندێ زانیاری لە شاعیری ناودار سەلاح شوان وەرگیراوە.**